# رۆژهەلات و"هەلبژاردنی دیموکراسی"، یان تەبریریك بۆ ئیمپراتۆیەتی جەنگخوازی

خەسرەوسایە
k.saya@ukonline.co.uk

بریارە لەیەکەمین مانگەکانی سالی تازەدا، رۆژهەلاتی ناوەراست شەپۆلیك لە"هەلبژاردن" بیگریتەوە. هەلبژاردنی 9ی جەنیوەری لەفەلەستین، بۆسەرۆکایەتی دەسەلاتداریتی خۆجیی ئیستای فەلەستینییەکان، وهەلبژاردنی 30جەنیوەری لەعیراق بۆپیکهنانی ئەنجومەنی نیشتمانی، وهەلبژاردن لە10ی فەبریوەری لەسعودیە، بۆ ئەنجومەنی شارەوەنییەکان. ئەوەی ئاشکرایە  ئەم هەلبژاردنانە ئەمریکاو دەزگا تەبلیغاتییەکانی پنتاگۆنی بەو تیزەوە هیناوەتە قسەکردن، کەجیگیرکردنی پرۆسەی دیموکراسی لەرۆژهەلات ئەتوانی سەرەتایەك بیت بۆ" پیکهینانی ئاشتی جیهانی". بەلام هیچ شتیك لەم ئیدعاو درۆیانە پوچ ترنییە، بەتایبەتی "هەلبژاردن ودیموکراسی"یەك کەبریارە لەرۆژهەلاتدا ئیستبداد و دەسەلاتی تاکرەوی لەبەردەم کۆمەلانی خەلکدا شلکاتەوە، و لانی کەمی ماف وئازادییەکان لەکۆمەلگادا بەرەسمی بناسینی، نەلەباری قانونییەوە پیوانەکانی هەلبژاردن دەیگریتەوە و وەنە لە روانگەی فەزای ئارامی سیاسییەوە دەرگای دەنگدانی بۆ دەنگدەران خستۆتە سەرپشت. هەلبژاردنیك کەلەپشتییەوە ئەمریکاو سیاسەتەکانی راوەستاوە، ناتوانی جگەلە نمایشیکی شانۆگەری پوچ تیپەری. دیارە سەلماندنی راستی ئەم حوکمە بەبی سەرنجدان لەخودی نمونەکانی "هەلبژاردن ودیموکراسی" لەهەریەك لەو ولاتانە مومکین نییە.  بەلام بەرلەم هەنگاوە ئاماژەدان بەچوارچیوەیەکی گشتی تر پیویستە:

## دوای فەلوجە، دوای عەرفات،
## پەیامەکانی دیموکراسی لەرۆژهەلات:

هەلومەرجیك کەبریارە، نمونەکانی هەلبژاردن ودیموکراسی رۆژهەلاتی تیا لەدایك بیت، بەتەنها بەرهەمی بارودۆخە سیاسییەکانی نیوخۆی ئەو ولاتانەنین، کەئاماژەیان پیدرا. بەلکو عیراق و رووداوەکانی دوای فەلوجە ومەرگی عەرەفات، ئەمریکاو جەنگی نیوان قوتبەکانی تیرۆریزم وبارودۆخیك کەلەم نیوەدا جیهانی داگرتووە، چوارچیوەیەکن بۆشکلگرتنی پرۆسەکانی هەلبژاردن ودیموکراسی لەرۆژهەلات.

سعودیە هەر زوو لەژیر گوشارەکانی"جەنگ لەدژی تیرۆریزم"دا لەلایەن ئەمریکاوە وادار بەگرتنەبەری سیاسەتی ریفۆرمەکردنی رژیمی سیاسی کرا، بەلام لەبارەی عیراق وفەلەستینەوە بارودۆخەکان حالەتیکی تایبەتی تریان هەیە. لەعیراق جەنگ ورووداوەکانی فەلوجە بەردەبازی پەرینەوەی ئەمریکابوو لەزەلکاویکدا کەتیدا چەقیوە، سەرکوتی "تیرۆریزم" وپیکهینانی فەزایەکی ئارام و ساف کردنی بارودۆخ لەبەردەم سازدانەوەی دەولەت لەریگای هەلبژاردنەکانی داهاتووی عیراقەوە، تەنها ئامانجیك نەبوو کەئەمریکا بەدەواوەی بوو، بەلکو پەسیج دانەوەی دەولەتانی رۆژئاوا و یوئین وکەنارخستنی حەریفانیکی وەك فەرەنساو ئەلمانیا وروسیا، وپاشان رەواندنەوەی ئەو بەدگومانییەی کەلەنیو هاوپەیماناندا سەبارەت بەوەی کە ئەمریکا ناتوانی کیشەی ئەمنی وتیرۆر لەعیراق چارەسەربکا.. ئەمانە لەریزی پیشەوەی ئامانجەکانی ئەمریکابوون. بەدوای رووداوەکانی فەلوجەدا، راستەوخۆ دەرگای کۆبوونەوەی نوینەرانی زیاتر لە20 دەولەت وحیزب وریکخراوەی جیهانی ورۆژهەلاتی، لە"شرم الشیخ" کردەوە وئەمریکای خستە سەرریگای سات وسەودالەپیناوی زەمینەخۆشکردن، بۆ هەلومەرجیك کەبتوانی هەرچونیك بووە هەلبژاردنەکان لەعیراق داسەپینی وبەناوی دیموکراسییەوە خوی لەگیژاویك دەرکات کەکەس نازانی رۆژانە چەند سەربازی ئەمریکایی دەخنکینی.

بەلام لەفەلەستین مەرگی یاسرعەرەفات ئەلقەیەکی تری بەم واقعیەتانەی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە پەیوەستکردو دەرفەتی دا بەئەمریکا تا سیناریۆیی  هەلبژاردن لەگری کویرەترین کیشەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، واتەکیشەی فەلەستین، بکاتە تەرحیکی رۆژ.  بەلام پەیامەکانی ئەم هەلبژاردن ودیموکراسییە چییە؟

"هەلبژاردن ودیموکراسی"یەك کەئیستا لەرۆژهەلات بەریکەوتووە، بەجیالەوەی کەمیکانیزمی دەنگدانیکی راستگۆیانەی لەخۆیدا هەلنەگرتووە، تەنانەت بەجیالەوەی کەکەمترین هەلومەرج بۆهەلبژاردنیکی سیاسی وئازادانە، بەهۆی لەئارادابوونی جەنگ وداگیرکاری وتیرۆریزمیکی کویرانەوە، لەبەردەم خەلکدا دانەناوە، ناتوانی ریگایەك بیت بۆدامەزراندن وچاکسازیکردنی سیستەمی دەسەلاتداریتی لەرۆژهەلات وتیپەراندنی قەیرانیك کەئیستا یەخەی بەکۆمەلگا گرتووە. هەربۆیە ناکری ئەوەیان لیچاوەروان بکری، کەبەقازانجی شلکردنەوەی دەسەلاتە سەرکوتگەرییەکانی رۆهەلات وسەلماندنی ئاستیك لەماف وئازادییەکانی خەلکیدا بچیتەپیشەوە. بریارنییە لەریگای ئەم هەلبژاردنانەوە ئەمریکا "ئاشتی وئارامی" بۆئەم ناوچەیە دابینبکا ودەولەتانیکی سکولار ومودیرن بەچەسپینی، بەلکو پەیامیك کەئەمریکا وسیاسەتەکانی لەریگای  ئەم هەلبژاردنانەوە دەیەویت بیدات بەولاتانی رۆژهەلات وسەرجەم کۆمەلگای بەشەری، هەلهینانەوەی هەنگاوەکانی ئیمپراتۆریەتیکی شەرخوازانەیە بەسەر دنیادا، کەلەریزی پیشەوە ماف وئازادییە فەردی ومەدەنییەکانی ئینسان لەولاتانی رۆژهەلاتدا، ژیر

پیدەنی تا بتوانی جەنگ وداگیرکاری بەپشت بەستن بەبرسیتی وکاولکاری دەسەلاتی تاقانەی ئەمریکاو ئیمپراتۆریەکەی، بەسەر دنیادا رابگری. ئینجا بەم پەیامەوە بابچینە سۆراغی نمونە کانی هەلبژاردن ودیموکراسی رۆژهەلاتەوە.

## دیموکراسی رۆژهەلات،
## دیموکراسی لەسەر شیوە ئەمریکاییەکەی:

یەکەم، نمونەی هەلبژاردنەکانی رۆژهەلات لەعەرەبستانی سعودی، کەبەدوای زیاتر لەچوار دەهە، بۆیەکەمجار کەوتۆتەری، بریارە 178 نوینەر بۆبەرپرسیاریتی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، لە9فەبریوەری 2005دا، هەلبژیری وببیتە سەرەتایەك بۆ ریفۆرمە سیاسییەکان وزەمینەخۆشکردنی دیموکراسی لەم ولاتەدا. بەلام هەلبژاردنیك کەبەپێی قانونی خیزانی سەلتەنەتی، ئال ئەلسعود، بەریوەدەچیت، خەلکی سعودیە مافی ئەوەیان هەیە تەنها دەنگ بەنیوە لە178 نوینەری شارەوانییەکان بدەن ونیوەکەی تری راستەوخۆ لەنوینەرانیك دەبن کەدانانیان لەئیختیاری خیزانی سەلەتەنەتیدایە. هاوکات بەهۆی ئەوەی ژنانی سعودیە ریگایان پێنەدراوە نەخویان کاندید بکەن ونەدەنگیش بدەن، هەلبژاردنیك بەریوەدەچیت کەبەتەوای پیاوانەیەو نیوەی کۆمەلگا کەژنان، لە"پرۆسەی دیموکراسیکردنی ولاتدا" دینیتە دەرەوە. "حیزبی حاکم وحیزبی ئۆپۆزسیۆن" کەدوقوتبی پیویستن بۆ گویزانەوەی دەسەلات و بەریوەچوونی دیموکراسی، کەچی ئەم حالەتە لەسعودیە هیچ مانایەکی نییە، چونکە یەکەم ئەوەی دەسەلاتدارە حیزب نییە و چەند شیخیکی عەرەبییە کەبەدیار چەند چالەنەوتیکەوە، دەسەلاتیان پیدراوە وبوونەتە خیزانی سەلەتەنەتی بەسەر خەلکەوە، ئەوەشی "حیزبی ئۆپۆزسیۆنە" تاقمیکی ئیسلامین کەگلەییان لەخیزانی ئال ئەلسعود ئەوەیە شمشیری "الله اکبر"ی ئالاکەیان لەبەرامبەر خەلکدا کولکردووە. هەلبژاردنیکی ئاوا بیشك نەك هەرناتوانی بەپیوانەکانی بۆرژوازی، دیموکراسی دامەزرینی، بەلکو ناشتوانی دەسەلاتی سەلتەنەتی بەسەر کۆمەلگای سعودیەوە شلکاتەوە. بەپیچەوانەوە ئەو هەلبژاردنەی لەسەر شیوە ئەمریکاییەکەی بریارە قوماشی دیموکراسی بۆ سعودیە ببری وەختیك دەتوانی ببیتە واقع وببیتە دەستورەوە کەبەئەکیدی ئیستبدادی "خیزانی سەلتەنەتی" بپاریزی و رایبگری.

دووەم: بەلام هەلبژاردن لەفەلەستین کەبریارە لە9ی جەنیوەریدا، نمونەیەکیتر لەدیموکراسی ئەمریکایی بەریبخات، لەنمونەی سعودیەکەی داماوترو بیپایەترە. خەلکی فەلەستین، کەرۆژانە لەژیر رەحمەتی تانك وتۆپ وکاولکاری وپەلامارەکانی دەولەتی شارۆندا ژیان دەکەن و هەر رۆژە مەیدانی شاریك، گەرەکیك، دەبیتە ئامانجی کۆپتەرە ئەباچییەکانی دەولەتی ئیسرائیل، دەتوانی چ فەزایەك بۆهەلبژاردنی ئازادانە بخاتە بەردەم خەلك ئادەنگی تیدابدەن! لەلایەکیترەوە دەسەلاتی خۆجییی، کەخۆی بەسەر ناوچەیەکی داگیرکراودا، پیناسەکردووەو ناتوانی پیچەوانەی خواستەکانی دەولەتی داگیرکەری ئیسرائیل، بجولیتەوە، لەهەرچەشنە قەوارەیەکی دەولەت ودەسەلاتیکی سەربەخۆ وبەدور لەفشار، بیبەرییە لەوەی هەلبژاردنیکی ئاسایی تیدا بەرپابکری. لەمانەش زیاتر ئەبوومازن کاتیك دەتوانی ببیتە کاندیدای بییحەریفی "فەتح"، کەمەروان بەرغوسی، لەزیندانەکانی ئیسرائیلدا بەحوکمدانی چەندجارەی هەتا هەتایی، مافی خۆ کاندیدکردن و مونافەسەی کاندیداتۆری لیدەسیندریتەوە!.

لەراستیدا ئەوەی تایبەتییە لەهەلبژادنەکانی فەلەستیندا، دەستبردنە بۆسیاسەتی سازانی فەلەستینییەکان لەگەل حکومەتی شارۆندا، تا سازدانی پرۆسەی هەلبژاردن ودیموکراسی. لەمبارەوە دەستەواژەی "فەلەستین دوای عرەفات" ئاماژەیە بۆشکاندنی بنبەستیك کەلەرەوەندی ئاشتی نیوان ئیسرائیل وفەلەستینییەکان پیکهاتبوو. وجودی یاسر عەرەفات، کەفاکتۆریکبوو بۆنیگەرانی ودەستکیشانەوەی ئەمریکا لەدەخالەتکردن وبردنەپیشەوەی پرۆژەی "نەخشەی ریگا" بۆ دامەزراندنی دەولەتیك لەفەلەستین، ئەوکاتانە قسەیەك لەسەر هەلبژاردن لەئارادانەبوو، بەلام مەرگی عەرەفات هاوکیشەی ئەم بارودۆخەی گۆری و سیناریۆی هەلبژاردنی کردە پیویستییەکی رۆژ. لەم هەلبژاردنەشدا بریارە محمود عباس لەدەرونی پرۆسەیەکی دیموکراتییەوە بگویزیتەوە بەرەو جینشینی عەرەفات و وەك سەرۆکی تازەی فەلەستینییەکان، ئەرکی کۆتایی هینان بەبزوتنەوەی ئینتفازە بەقازانجی دەولەتی ئیسرائیل لەئەستۆ بگری وبەرەو پرۆسەی مفاوەزات و سازان لەگەل شارۆندا هەنگاو هەلگری. بەم پییەش محمود عەباس وئەرکیك کە ئەمریکاو دەولەتی ئیسرائیل خستویانەتە سەرشانی، لەراستیدا ئەو وەك کاندیدای ئەمریکا دەناسینی تا نوینەری وسەرۆکی دەسەلاتی فەلەستینییەکان..ئەمەیە ئەو دیموکراسییەی کەئەمریکا لەنمونە فەلەستینییەکەیدا بەریوەی دەبات.

سیهەم: عیراق ئاخرین نمونەکانی هەلبژاردن و دیموکراسی شیوەئەمریکایی لەرۆژهەلاتدا دەخاتەری. لەم نمونەیەشدا بالەوە بگەریین، کەچەند لەسەدی خەلکی عیراق، بەهۆی باری نائەمنی و تیرۆرو تەقاندنەوە وجەنگ و هەرەشەوە دەتوانن بگەنە بەردەم صندوقەکانی دەنگدان، تەنانەت بالەو بیخەبەرییەی خەلك بگەریین لەبەرنامەو پلاتفۆرمی کاندیداو لایەنەکانی بەشدار لەهەلبژاردنەکاندا. تەنانەت بالەباری شەرعیەتی قانونی وفەزایەك کەپیکهاتووە بۆخەلك وئەوانەی خۆیان پالاوتووە بگوزەرین، هەلبژاردنیك کەبەدوای گوشتارگای فەلوجەو شارەکانی عیراقدا

بەریکەوتووە و لەژێرسایەی داگیرکاری ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامیدا، گەرەکیەتی سازدانەوەی دەولەتیك لەخۆیدا بەدیبینی، هەرگیز ناتوانی لانی کەم خەلکی عیراق قانع بکات بەوەی کەلەچاو حکومەتی بەعسدا گۆرانکاری‌یەکی موسبەت لە ژیانیاندا بەدیدینی.

دەولەتی تازە لەعیراق لەریگای هەلبژاردن ودیموکراتی شیوە ئەمریکایی‌یەکەیدا دانامەزری. چونکە لەم سیناریۆیەدا، دابەشکردنی دەسەلات هەرلەسەرەتاوە لەنیوان دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی وعەشیرەتی لایەنگر بەئەمریکاو سیاسەتەکانی، کەهیچ شتیك پیکەوە کۆیان ناکاتەوە، دابەشکراوە و ئەمەش لەیەکەمین هەنگاوەکانی خۆیدا بنبەستە. کیشەی "فیدرالیزم" و"ئیسلام" وپیناسەی دەستورو جۆری دەولەت، سکولاریزم وماف وئازادی‌یە فەردی ومەدەنی‌یەکانی خەلك، یەکسانی ژن وپیاو، مەسەلەی کوردستان وبریاری ئەوان بۆپەیوەستبوون بەدەولەتی تازەدامەزراوی عیراقەوە...ئەمانە کۆمەلەی ئەو فاکتۆرانەن کەلەهەر ساتیکدابیت، دەتوانی بالانسی یەکپارچەیی وچەقبەستنی دەسەلات لەنیوەندی ئەو ئەنجومەنە نیشتمانی وحکومەتەدا هەلدەتەکینی کەبریارە بەهۆی هەلبژاردنەکانەوە دامەزری. لەوەها هەلومەرجیکدا ولەراستیدا ئەوە ئەمریکایە خوازیاری هەلبژاردنە نەك خەلکی عیراق. کەوایە شوینی خۆیەتی بلیین ئەوەی لەعیراقدا بەناوی هەلبژاردن ودیموکراسیشەوە بەریوەدەچیت، شتیکی زیاتر نی‌یە لەکۆپی کردنی نمونەی ئەفغانی‌یەکەی ، نمونەیەك کەشەری نەبراوەی نیوان دەستەو تاقمی قەومی و مەزهەبی بۆسەرژیانی خەلکی زیاد دەکا..

نمونەکانی سەرەوە ئەو راستی‌یە دەخەنەروو کەهەلبژاردن ودیموکراسی‌یەك لەسەر شیوەی ئەمریکایی‌یەکەی بۆ رۆژهەلات، ناتوانی شتیکی‌تربیت لەئامانجی داسەپاندنی ئیمپراتۆریەتی جەنگ خوازی وداگیرکاری لەسەر حسابی ژیر پینانی ماف و ئازادی‌یە فەردی‌و مەدەنی‌یەکانی خەلکی رۆژهەلات ولیسەندنەوەی مافی بریاردانی خۆیان لەسەر دەولەتیکی هاوچەرخ کەچی‌تر ئەوان نەگیریتەوە ژیر سایەی سەرکوت وبیمافی وبرسیتی.

## دیموکراسی، تەبریریك بۆ ئیمپراتۆریەتی جەنگخوازی:

نمونەکانی "هەلبژاردن و دیموکراسی" لەرۆژهەلات، تەنها ئەتوانی بەو پیوانەیە سەربگری و ببیتە واقع کە لایەنگری وراوەستان لەکەنار سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا بکاتە بنامەیەکی نەگۆری خۆی. دەسەلاتی خەلك، قانونی نیودەولەتی، یوئین، مافەکانی مرۆڤ، ریزلینانی سەربەخۆیی نەتەوەیی، سکولاریزم و مافی هاوولاتی، ودەیان مەقولاتی تر کەبۆرژوازی لەرۆژئاوا لەسەر ریگای دامەزراندن وپاراستنی کۆمەلگای کاپیتالیستی لەسەرخانی سیاسی و سیستەمی دیموکراسیدا، جیگیری کردووە، لەدنیای ئەمرۆدا بەتەوای خراوەتەلاوە و ئەوەی لەبری ماوەتەوە جگەلە پلورالیزمیکی سیاسی زیاتر شتیکی تر نی‌یە. ئەمەش هەر ئەوەیە کە دەسەلات لەنیوان دەستەو تاقمی قەومی وئاینی وعەشیرەتی نەیارو لایەنگر بەئەمریکاو پرۆژەسیاسیەکانی دابەش بکات. بەلام ئەمە هیشتا کافی نی‌یە بۆئەوەی واقعیەتی دیموکراسی لەدەورەو زەمانەی ئیستادا بناسینی.

دەورانی یەکقوتبی، سەرکردایەتی تاقانەی ئەمریکای لەمیژە لەبەردەم ئیستراتیژیستەکانی پنتاگۆندا مەترحکردووە. چاوچلیسی سەرمایەو بۆرژوازی وئیمپرالیزم، بەبی دەستدریژیکرن وفراوانکردنەوەی سنورەکانی دەسەلات وداگیرکاری مەحالە وبەمجۆرەش خەونەکانی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی سەرمایە هەمیشە ئامانجی چینی بۆرژوازی بووە. تینویتی بۆقازانج وکەلەکەی سەرمایە ئەمەئەو فاکتۆرە هاندەرە بووە بۆچینی بۆرژوازی تافراوانکردنەوەی بازارو ناوچەکانی دەسەلاتداو بەمجۆرەش "ئیمراتۆریەتی مۆدیرنی سەرمایە" ی پی بەریبخات.. بەلام ئیمپراتۆریەتەکان چ لەسەدەکانی ناوەراست وچ لە سەردەمی مۆدیرنیتەدا بەبی تەبریر مەحالە توانیبیتیان خۆیان بەسەر کۆمەلانی خەلکیدا داسەپانین.

ئەگەر ئیمپراتۆریەتی یۆنانی، کۆیلەکردنی ئینسانی سەردەمی خۆیان، بە فەلسەفەو ئاکاری خانەدانە یۆنانی‌یەکان، تەبریرکردبیت، ئەگەر ئیمپراتۆریەتەکانی ئیسپانیاو ئینگلیز وکۆلۆنیالیزەکردنی وولاتانی دوورەدەست، بەتیوەری "ئیستعمار" وراکیشانی هیلی ئاسنین و موژدەی بووژانەوە و سڤیلایزەیشن تەبریرکرابی، ئەگەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەئیسلامی سەلتەنەتی ومەعریفەکانی "دار الموك الاسلامی" تەبریرکرابی، ئەوا تیوەری تەبریرکردنی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکایی هەلبژاردن ودیموکراسی‌یە. بەلام میژووی ئیمراتیۆریەتەکان لەرابردوودا چ لە هەلوەشەندنەوە وچ لەپیکهاتنیاندا، پیکهاتیکی جیانین لەجەنگ وتوندوتیژی وداگیرکاری. "ئیمپراتۆریەتی مۆدیرن"ی ئەمریکایش لەم حوکمە بەدەرنی‌یە ودیموکراسی ناتوانی ریگای ئاشتی و دایەلۆگی سەردەمبیت. ئەوەشی لەمبارەوە ولەچاو ئیمپراتۆریەتەکانی پیشیندا، دەبی بۆ ئەم باسە زیادبکری پیویستی پیشەسازی جەنگی و هیزی دەریایی وچەکی ناوەکی و دەزگا نیونەتەوەیی‌یەکانە، کەبەهۆیانەوە دەسەلاتی ئەمریکا دەگەیەنیتە ناوچە دوورەکانی دنیاو شەرعیەتیان رادەگری... ئەمەیە ئەو دیاری‌یەی دەسەلاتدارنی ئەمریکا گەرەکیانە لەریگای هەلبژاردنەکانەوە پیشکەش بەخەلکی رۆژهەلاتی بکەن!

**2004/12/**